ژماره ١٠
شوباتی ٢٠٠٨

هەدا

# حیكمەتەكانی بوون!



نوری بێخاڵی

" لە شاری پیاوچاكاندا كێبەركێی زیاتر لەسەر دووركەوتنەوە لە دەسەڵات روو دەدات، نەك پێچەوانەكەی - سوكرات"

(١)

كە ژیان و ئەزموونەكانی پڕن لە حیكمەت، وێستگەمانی تەمەن باشترین دەرفەت و عەقڵ چاكترین هۆكارێكن بۆ فێربوون..ئاخر نهێنی هەڵكشانی تەمەن لە وەرگرتنی پەندی زیاتر دا یە، فەزیلەتی عەقڵیش بریتییە لە گەمەكردنی بەردەوام لەناو گومان و ڕاراییدا، عەقڵ لەوێدا كارایە كە پەی بە دیوی دووەم و ناوەوەی دیاردەكان ببات و بە روخساری شتەكانەوە نەخەڵەتێ، چونكە زۆربەی جار روخسار پەلكێشی نێو شكست و پەشیمانی و دۆڕانمان دەكات.

(٢)

"كاتێك كەسێك لە تالانكردنی هەموو جەستەی كۆمەڵگە سەركەوتوو دەبێ و بەرەو كۆیلایەتیان دەبا و هەمووان ناوە ناشیرینەكانی ئەو كەسە لەبیر دەكەن و پێی دەڵێن خۆشبەخت و شادومان و سەربەرز"، ئا لەوێدا ستەمكاری لە دایك دەبێ، چونكە ستەمكاری بە تەنها بریتی نییە لە كوشتنی جەستەیی ئەوانی دی، بەڵكو دەشێ دادۆشینی كۆمەڵێك لەرووی ماددی و مەعنەوی و بەتاڵكردنەوەی كۆمەڵگە لە مانا و بەها جوانەكان لەلایەن كەسێكەوە، دیوێكی دیكەی ستەمكاری بێ، هاوكات خودی كەسی ستەمكار لە نەبوونەوە لە دایك نابێ، بەڵكو بە دیوەكەی تردا زۆرینەی بەناو ستەملێكراوان ماكینەی بەرهەمهێنانی ستەمكارانن، بە مانایەكی دی ستەمكار لە نێو فەزای گەمژەیی و خۆ بەمێگەلزانین و ڕازیبوونی زۆرینە بە كۆیلەیی گەورە دەبێ و تارمایی پیرۆزییەكانی خۆی بەسەریاندا زاڵدەكا!

(٣)

لە كاتێكدا كۆی زانست و هونەرەكان هیچ خود بەرژەوەندییەكیان نییە، كەچی لە كوردستاندا و لە نێو پرۆسەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و كولتورییەكاندا و لەسەر كۆی ئاستەكان بە شێوەیەك و شێوەیەكی دی ئاوەژوو دەبێتەوە. دەرچووی زانكۆ و پەیمانگاكانی كوردستان، بە سەرجەمی بەش و ڕشتەكانیان دەست لەسەر سنگ و لەبەردەم كۆمەڵدا سوێندی دڵسۆزی بۆ پیشەكەیان دەخۆن، بەڵام دواجار زۆربەیان لەواری كرداریدا لەو سوێندەیان پاشگەز دەبنەوە و بە چەندین شێواز هەوڵی پەڕینەوە بەسەر پشتی كۆمەڵگە دەدەن بەرەو دونیای خۆشبەختی و بەرژەوەندی ماددی.

(٤)

بۆ نموونە " پزیشك بە سەیركردنی بەرژەوەندی خۆی وەسف ناكرێ، بەڵكو بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەخۆش"، كە ئەمە بۆ كۆی پێكهاتەكانی دیكەی كۆمەڵ ڕاستە، كەچی لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو پیشەوەرانە بەچاوی چنۆك و برسی و بەبێ گوێدانە ئابروو و شكۆمەندی پەیامی پیشەییەوە، كارەكانیان دەكەن و هەر یەكەیان بە جۆرێك لە جۆرەكان زانست و هونەر و كەرەستەی مرۆیی بەردەستی خۆیان كردۆتە پردی پەڕینەوە بۆ ئاییندەی بەختەوەری ماددی، بۆیە زۆر ئاساییە كۆی كۆمەڵگە نقوومی گەندەڵی بێت و بە هۆیەوە بێ متمانەیی و لێكترازان هەناوی كۆمەڵگە بخوات!

(٥)

"ئێمە كەسانێكی كورت بینین، كۆمەڵە پیتێكی بچووك لە مەودایەكی دوورەوە دەخوێنینەوە"، هەر ئەمەش وادەكات بەردەوام خوێندنەوەمان بۆ شتەكان هەڵە و ناچڵ بێت، چونكە ئەو كورتبینییەمان بواری ئەومان نادات وێنەی پیتەكان بە دروستی بناسینەوە، بەمەش هیچ كامیان ناخەینەوە شوێنی مەبەستی خۆیان، بۆیەش كۆی وشە و دەستەواژە و برگەكانمان ماناكانیان پێچەوانە دەبنەوە..زۆربەمان كەمتر خودی ڕاستەقینە خۆمان دەبینین، بۆیە سەیر نییە ئەگەر سێبەر و تارمایی خەوش و هەڵەكانی خۆمان بە ئەوەی دی وێنا بكەین، ئێمە لە یەك كاتدا گلەیی لە حاڵی ستەملێكراویمان دەكەین و لە بەرامبەردا چەپڵەی بە پیرۆزكردن بۆ ستەمكار دەكوتین، لەرووكەشدا تف لە چارەی گەندەڵی دەكەین، كەچی لە ئەنجامدانی كارەكانمان كەمتەرخەمین، چونكە لەناو هەر یەكێكماندا تروسكاییەكی ستەمكاری و خەونێك بۆ كامڵبوونێكی گەندەڵكارانە هەیە!!

* سەرنج : كۆی وشە و دەستەواژەی نێو كەوانەكان لە كتێبی (كۆمار)ی (ئەفلاتون) وەرگیراون.